# پشتیوانی سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن لە مانگرتنی بەندکراوە سیاسی و مەدەنیەکانی گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران،

**ئاوایی کش و مات چاوی ناهومێدی لە قوڵایی نامۆی شەوەزەنگی بێکۆتایی ئەم وڵاتە خەمگرتووە بڕیوە، یەکێک دەڵێت :""بێ سەمەرە ئەم کاروانە هیچ کاتێک ناگاتە ئامانج""،یەکیش دەڵێت:"با وەگەڕێین، چاوەڕوان بین ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم شەوەش کۆتایی پێ دێت!!!!**

**لە ناو دریای ناهومیدی و دابڕاندا دەنگی نزمی لایەلایەی دایکێک دڵی شەو ڕادەچڵەکێنێ و دەڵێت:"با بە ژومارەی ڕۆڵە جوانەمەرگەکانمان مۆم هەڵگیرسێنین..."لەو ڕۆژەوە ئەو کاروانە بێ بەرودوایە هەر لە ڕێدایە و سۆمای مۆمەکان تا کو تروپک ئەملاولای ڕێگاکەیان دیاری کردووە.**

ساڵیانێکی زۆر بە سەر دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تێ پەڕیوە و زەخت و گوشاری درندانەی ئەم ڕژیمە بەردەوام قوربانی لە خەڵقی ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان بە تایبەتی گرتووە،لە چەند ساڵی ڕابردوودا گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر چالاکانی بوارە کۆمەڵایەتی،سیاسی ،مەدەنی و ڕۆشنبیرەکان و حوکمی لە سێدارەدان و ئیعدام بۆتە شتێکی ئاسایی و ئەشکەنجەی جەستەیی و ئازاری ڕۆحیڕەوانی بۆتە شتێکی کات بە کاتی و چرکە بە چرکەیی لە گەڵ ژیانی بەندیەکاندا.

لە ڕێکەوتی ٢٥ ئاگوستی ٢٠٠٨وە ژومارەییک لە زیندانیانی سیاسی کورد بە ئیعتراز بە بار و دۆخی نالەباری زیندانیەکان و ئەوەی کە زیندانیانی کورد لە لایەن دادگاکانی ئێرانەوە بەردەوام حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەر دەچێت و هەڵس و کەوتی دڕندانە و غەیری ئینسانی کە بەرانبەر بە زیندانیە کوردەکان دەکرێت دەستیان بە مانگرتن کردووە و پتر لە سێ حەوتووە کە مانگرتنی خۆیان درێژە پێ داوە."ململانەییکی سەخت لە داوێنی مەیدانی خەباتێک کە ڕۆحی دەسەڵات لە دەستی دوژمنەکەت دایە و ئەوە کە بە سوڵتە و حکومەتێکی بێسنوور کە هەیەتی هەوسارپساو پیی وایە کە بە زەوت کردنی ئازادی و تێکشکاندنی جەستەکان دەتوانێت تۆوی خەباتی مێژووی نەتەوەییک لە بار بەرێت."
کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە دەسپێکی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات پێشێلکردنی مافی مرۆڤایەتی ئەندامانی کۆمەڵگا ژنان، ڕۆشنبیران، خویندکاران و گشت ئازادیخوازانی کردە ئامانج و مەبەست و ئێستا گەشتۆتە ئەو قۆناغەی کە توندوتیزیەکان ڕواڵەتێکی وا دڕندانەی بە خۆی گرتووە کە میزووی سەدەکانی ناوەڕاست بیر دەهێنێتەوە.

**"دیارە کە هیچ دۆخێکی نایاسایی کە حاکم تیایدا سەروەری دەکات و بە زەبری توندوتیژی دەسەڵاتی خۆی داسەپاندووە، و هیچ هەڵپەساردنێکی سیاسی کە ئازادی میللەتەکانی تێدا بەر تەوژم دەکەوێت و هیچ گاڵتە و کایە کردنێک بە ڕۆح و ڕەوان و هیچ تێکشکاندن و ئەشکەنجەییک ناتوانێ داواکارییەکانی ڕەوا و ئینسانی ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە بە چۆکدا بهێنێت و هەوێنی بیرکردنەوەی ئازاد و سەربەخۆ لەناو بەرێت".**

کوردوستان جەستەییکی زامدارە بە زۆر برینی کۆنەوە، ئەورۆکە برینە کۆنەکانیش وەژان هاتوون و بانگەشەی تەواوی خەڵقی ئێران بە گشتی و کوردوستان بە تایبەت دەکەن کە بە دەنگی مانگرتنی بەندییەکانەوە بێن و پشتیوانی خۆیان هەمە لایەنە دەر ببڕن.

ئێمەش وەکو سەنتەری ژنان پشتیوانی مانگرتنی بەندیەکان دەکەین و بە هەموو جۆرێک لە پشت داخوازیە ڕەواکانی خوشک و برایانی بەند کراومان ڕا دەوەستین.

**سەنتەری ژنانی کورد کۆڵن**

٢٠٠٨-٠٩-١٦

ئەم نوسراوەیە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠-٠٩-٢٠٠٨ لە بەرنامەییک کە لە لاییەن کومیتەی پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانیانی کورد لە شاری کولن پێک هاتبوو لە لایەن سەنتەر خویندرایەوە.